Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.1964010

# گەشەی دانیشتوانی قەزای سیدسادق لەماوەی ساڵانی(١٩٧٧-٢٠١٢)
# (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای دانیشتوان)

**هاوسەر ابراهیم کاکە عبداللە، صباح عباس مجید**

بەشی جوگرافیا ، کۆلیژی پەروەردە ، زانکۆی گەرمیان

***Article Info***

Received: November, 2019

Revised:November ,2019

Accepted:December,2019

***Keywords***

سیدسادق، گەشە، دانیشتوان، کۆچ،ڕاگواستن.

***Corresponding Author***

Hawsar.ibrahim@garmian.edu.krd

**پوختە**

گەشەی دانیشتوان یەکێکە لە کۆڵەکەی دیاردە دیمۆگرافییەکان لە لێکۆڵینەوەکانی جوگرافیای دانیشتوان، چونکە ئاماژەیەکی دیاری دینامیکی وجوڵانەوەی کۆمەڵگایە، ئەم توێژینەوەیە گرنگی دەدات بە گەشەی دانیشتوانی قەزای سیدسادق لە نێوان ساڵانی(١٩٧٧-٢٠١٢). قەزای سیدسادق پێگەیەکی بەرفراوانی هەیە کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانییەوە، چەند یەکەیەکی کارگێڕی لەخۆدەگرێت، ئەم توێژینەوەیە باس لە گەشەی دانیشتوانی قەزاکە دەکات لە ڕووی کاریگەری دیاردە سروشتی و مرۆییەکان و بە پشتبەستن بە ئەنجامی گەشەی دانیشتوان، دەتوانرێت بەرنامەڕێژی و پلاندانان بۆ پێداویستییەکانی دانیشتوان لە ئێستا و داهاتوودا ئەنجام بدرێت..

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە شیکردنەوەی جوگرافی گەشەی دانیشتوانی قەزاکە، لە گەیشتن بە دەرئەنجامی توێژینەوەکە جیاوازییەکی گەورەمان بۆڕوون بووەوە لە نێوان دانیشتوانی شار و گوند بە شێوەیەک شارنشینان لە هەڵکشانی بەردەوامدان لە سەر حسابی گوندنشینان. ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە شارنشینان ساڵی(١٩٧٧)بەڕێژەی (٣٤.٨٪) کۆی گشتی دانیشتوان بووە، دواتر ئەم ڕێژەیە هەڵکشاوە بۆ (٧١.٣) ساڵی ٢٠١٢. بەڵام بە پێچەوانەوەڕێژەی دانیشتوانی گوند لە ئاماری ساڵی ١٩٧٧ لە (٦٥.٢٪) داکشا بۆ (٢٨.٧٪) لە کۆی گشتی دانیشتوانی قەزاکە .

هەروەها ئەم توێژینەوەیە گەیشت بەو ئەنجامەی کە گەشەی دانیشتوان قەزاکە جیاوازە بە پێی ساڵە جیاوازەکان. گەشەی دانیشتوانی ساڵانە لە نێوان ساڵانی(١٩٧٧-١٩٨٧)(٧.٢٪) تۆمارکراوە، داوترڕێژەی گەشە دابەزی بۆ (٠.٣٢٪) لە ماوەی ١٩٨٧-٢٠٠٢ بە هۆی پرۆسەکانیڕووخاندن وڕاگواستنی دانیشتوانی قەزاکە کە هەموو گوندی سنوورەکەی گرتەوە هەروەها تەختکردنی هەموو خانووەکانی سەنتەری قەزاکەش. دواتر دووبارە گەشەڕووی لە بەرزبوونەوە کرد گەیشت بە (٦٪) لە ساڵانی ٢٠٠٢ -٢٠٠٩، هەروەها دوای ئەم هەڵکشانە گەشەی دانیشتوان بەرەو جێگیربوونڕۆیشت تا ساڵانی(٢٠٠٩-٢٠١٢) گەشەی دانیشتوان بە (٣٪) تۆمارکرا. ئاماری گەشەی ساڵانی داهاتوو بە بنەمای پێشبێنی زیادکردنی دانیشتوان هەژمارکرا تا ساڵی ٢٠٣٠، چونکە قەزای سیدسادق لەم ماوەیەدا قۆناغێکی جێگیربوونی سیاسی وئەمنی وکارگێری بەرێکرد .

## پێشەکی

گەشەی دانیشتوان وەک بەشێکی گرنگ لە جوگرافیای دانیشتوان هەژمار دەکرێت، کە بایەخی تەواو دەدات بە هۆکارەکانی گەشە وەک گەشەی سروشتی دانیشتوان، لە دایکبوون، کۆچکردن، بوونی خزمەتگوزاری، سروشتی جوگرافی لەبار، بە فەراهەمبوونی ئەم هۆکارانە زیادبوون و گەشەی دانیشتوان زیاتر دەڕەخسێت. بە پێچەوانەوە، زیادبوونی مردن و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و نەبوونی

ئامرازەکانی خۆشگوزەرانی مرۆڤ و خزمەتگوزاری، هەروەها ناجێگیری بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و بوونی جەنگ دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوان. بۆیە بە لێکۆڵینەوە لەم ڕەگەزانە گۆڕانکاری قەبارە و دابەشبوون و چڕی و گەشەی دانیشتوانمان بۆ روون دەبێتەوە. ئەم توێژینەوەیە بەوردیتیشک دەخاتە سەر هەموو ئەو فاکتەرانەی کە بەرپرسە لە گۆڕینی دیمۆگرافیای دانیشتوانی قەزای سیدسادق لە نێوان ساڵانی(١٩٧٧)تاکو(٢٠١٢) .

چۆن شار و شارۆچەکەکانی تری کوردستان دووچاری کەمی ئاماری سەرژمێری دروست بوونەتەوە، قەزای سیدسادقیش هەمان گرفتی هەیە. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا پشت بەستراوە بە ئاماری سەرژمێری ساڵانی(١٩٨٧،١٩٧٧) ، ئاماری وەزارەتی پلاندانی هەرێمی کوردستان و عێراق ساڵی(٢٠٠٢ و ٢٠٠٩)لەگەڵ سەردانیکردنی مەیدانی و چاوپێکەوتنیراستەوخۆی کەسانی پسپۆڕ و دانیشتوانی قەزاکە. دواتر بە پشتبەستن بەو ئامارانە، پێشبینی گەشەی ساڵانە کراوە تاکو(٢٠٣٠).

کێشەی توێژینەوە: کێشەی توێژینەوە خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە:

1.ئایا گۆڕانکاری کارگێڕی سنووری جوگرافی سیدسادق لە ناحیەوە بۆ قەزا وهەروەها دانانی ناحیەی سرۆچك بۆ سەر قەزاکە کە پێشتر سەر بە قەزای شارباژێڕ بووە، هۆکارە بۆ گەشەی دانیشتوان لە قەزاکە؟

2.جیاوازی ژمارەی دانیشتوان لە نێوان شارنیشین و لادێنیشین لە لایەک و جیاوازی ژمارەی دانیشتوانی نێوان سەرژمێرییەکان لە لایەکی تر.

3.هۆکارەکانی بوونی جیاوازی گەشەی دانیشتوان لەم ساڵانەی دوایدا .

4.ئایا خاپورکردنی قەزاکە کاریگەری هەبووە لە سەر گەشەکردنی دانیشتوان، بە شێوەیەک لە ئامارێکدا هیچ کەس لە دانیشتوانەکەی بوونی نەماوە، کە کاریگەری تەواوی کردۆتە سەر ڕێژەی گەشە لەو ماوەیەدا؟

گریمانەی توێژینەوە: تێکرای گەشەی دانیشتوانی قەزاکە جیاوازە بەپێی دابەشبوونی ژینگەیی، هەروەها بەپێی سەرژمێرییەک و سەرژمێرییەکی تر، ئەم جیاوازییە پێشبینی بوونی فاکتەری جۆراوجۆری لێدەکرێت لە گۆڕینی قەبارەی گەشەی دانیشتوان لەسەر شارنشین و گوندنشین. فاکتەرگەلێک کاریگەری دەکەنە سەر تێکرای گەشەی دانیشتوانی قەزاکە.

گرنگی توێژینەوەکە: تێکرای گەشەی دانیشتوانی قەزاکە جیاوازە بەپێی دابەشبوونی ژینگەیی، هەروەها بەپێی سەرژمێریەک و سەرژمێریەکی تر، ئەم جیاوازیە پێشبینی بوونی فاکتەری جۆراوجۆری لێدەکرێت لە گۆڕینی قەبارەی گەشەی دانیشتوان لەسەر شارنشین و گوندنشین. فاکتەرگەلێک کاریگەری دەکەنە سەر تێکرای گەشەی دانیشتوانی قەزاکە.

ئامانجی توێژینەوە: شیکردنەوەی گەشەی دانیشتوانی قەزای سیدسادق و هۆکارەکانی و گرنگی فراوانبوونیڕەهەندە دیمۆگرافییەکانی قەزاکە لە ئایندەدا، لەپێناو دابینکردنی پێداویستی دانیشتوان بە شێوەی هاوچەرخ و هاوسەنگ .

میتۆدی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی شیکاریی بەراوردی دەبەستێت بۆ شیکردنەوەی جیاوازی ئامارەکان لە ساڵە جیاجیاکان، هەروەها میتۆدی وەسفی لە باسی هۆکارەکانی گەشەی دانیشتوان بەکارهاتووە. بەگوێرەی ئەم میتۆدە پلانی لێکۆڵینەوە بە چەند هەنگاوێک دارێژرا .

1.سەردانی ناوچەی لێکۆڵینەوە و چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێوەبەرییەکە ئیدارییەکانی قەزاکە و مامۆستا و کەسە شارەزاکانی سنووەرەکە.

2.کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لە دامودەزگا فەرمییە حکومییەکان، دووبارە شیکردنەوە و دارشتنەوەی بە ئامانجی گەیشتن بە گەشەی راستەقینەی دانیشتوان و بە پشتبەستن بە بەکارهێنانی بەرنامە ئامارییەکان .

3.دیاریکردنی ماوەی سەرژمێرییەکان بە شێوەیەکی زانستی کە بگونجێت لەگەڵ دابەشبوون و قەبارەی دانیشتوان لەو ماوەیەدا .

4.پلاندانان بۆ دیاریکردنی تێکرای گەشەی ساڵانە و ژمارەی دانیشتوان تا ساڵی(٢٠٣٠).

## مێژووی قەزای سیدسادق

ناوی سیدسادق بە ناوی سید محەمەد سادق ناو نراوە، کەیەکێک بووە لە ناودار و پیاوچاکانی ناوچەکە. سەرەتا وەکوو گوندێکی بچووک سەر بە ناحیەی خورماڵ دروست بووە (دەرباز، ٢٠٠٩)، لەبەر پێگە لادێیەکەی ناوی سیدسادق لە هیچکام لەم سەرژمێرانەی حکومەتی عێراق نەهاتووە(١٩٢٧، ١٩٤٧، ١٩٣٥) ، کە وەک سەرژمێری فەرمی ئەنجامدراون لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق .

لە ساڵی(١٩٥٦) یەکەم قوتابخانەی تێدا کراوەتەوە، لە سەرژمێری ساڵی(١٩٥٧) بۆیەکەمین جار ناوی ناحیەی سیدسادق باسکراوە، وەکویەکەیەکی ئیداری سەر بە قەزای

شارەزوورو شارەوانی بۆ دانرا. دواتر لە ساڵی (١٩٦٥)ناحیەی سیدسادق خراوەتە سەر قەزای هەڵەبجە، ساڵی(١٩٨٨)ئەم قەزایە بە تەواوەتی لە لایەن رژێمی بەعسەوە خاپوور کراوە و دانیشتوانەکەیڕاگواسترانەوە بۆ شار و شارۆچکەکانی تری پارێزگای سلێمانی (دەرباز، ٢٠٠٩) .

دوای دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵی(١٩٩١) دووبارە دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شارۆچکەکەیان و ئاوەدانیان کردۆتەوە. لە بەرواری(٢/١٢/ ٢٠٠٧) حکومەتی هەرێم بۆیەکەمین جار بە فەرمانێکی کارگێڕی بڕیاری بەقەزاکردنی بۆ دەکرد، ئێستا هەیکەلی قەزای سیدسادق پێکهاتووە لە قەزای ناوەند و ناحیەی سرۆچک (بەرزنجە) و نزیکەی ١٠٠ گوند لە خۆدەگرێ و زۆربەیان ئاوەدان کراونەتەوە.

ناحیەی سرۆچک لە سەرەتای دروستبوونییەوە سەر بە قەزای شارباژێڕ بووە، بەڵام لە دوای بە قەزابوونی سیدسادق ساڵی(٢٠٠٧) گوازراوەتەوە لە قەزای شارباژێڕەوە بۆ سەر قەزای سیدسادق. ناحییەکە دەکەوێتە باکووری ناوەندی قەزای سیدسادق، لە ناوچەیەکی شاخاویدا هەڵکەوتووە. سرۆچک یەکێکە لە گوندە دێرینەکانی باشووری کوردستان، بەپێی هەندی سەرچاوە و هەڵکۆڵینی شوێنەوارناسی مێژووکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش زایین، بەرزنجە مەڵبەندی چەندین پیاوی ئاینی و شاعیر و ناودار بووە، لەوانە سەید عیسا و سەید موسای بەرزنجە کە شێخی تەریقەت و مامۆستای ئایینی بوون، هەوەها کاک ئەحمەدی شێخ و شێخ مەحمودی بەرزنجی(مەلیک) دانشتووی بەرزنجە بوونە(بەرزنجی، ٢٠١٩/٩/١٨) .

**تایبەتمەندی و شوێنی جوگرافیای قەزای سیدسادق**

**قەزای سیدسادق دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق و ڕۆژهەڵآتی هەرێمی کوردستانەوە، هەروەها دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری سلیمانی بە دووری ٦٠کم هاوسنوورە لەگەڵ قەزاکانی هەڵەبجە و شارەزوور لە باشوور و قەزاکانی پێنجوێن و شارباژێڕ لە باکوورەوە، نەخشەی ژمارە (١). بەپێی هێڵی درێژی و بازنەی پانی قەزاکە دەکەوێتە نێوان هەردوو هێڵی درێژی E ″45 ′39 45o) ( Eو) (″45 ′00 46oو بازنەی پانی 35 ′12 35o N  (N″45 ′33 o ()  (″45، بەرزایی ناوەندی قەزاکە560م لە ڕووی ئاستی دەریاوە، ڕووبەری گشتی قەزاکە نزیکەی ٦٢٥ کم٢، بڕوانە نەخشەی ژمارە(2،3) .**

**قەزای سیدسادق دەکەوێتە ناوچەی چیا بەرزەکان لە چوارچێوەی ناوچەی شارەزوور. پێکهاتەی جیۆلۆجی ناوچەکە برتییە لە پێکهاتەکانی سەرگڵو و ناوخەلەکان لە سەردەمی(جوراسی)، قەمجوقە و پاڵمبۆ سەردەمی(کریتاسی)، هەروەها دەشتە لافاوکردەکان بە سەردەمی (هۆڵۆسین). ناوچەی سیدسادق چەند جۆگایەک بە نێو خاکەکەیدا تێدەپەڕێ و بەهای کشتوکاڵی زیاتری پێ بەخشیوە کە لە بەرزایی چیاکانەوە سەرچاوەیان گرتووە و دەڕژێتە نێو دەریاچەی حەوزی دەربەندیخان، وەک چەمی چەقان کە بە سەرچاوەیەکی ئاو بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکان هەژمار دەکرێت. خاکی ناوچەکە کراوەتەوە بەڕووی پانتایەکی بەرفراواندا، بە خاکی کەستەنەیی یان خاکی بەپیت ناسراوە لە بەر زۆری مادە ئۆرگانییەکان و کانزاییەکان تێیدا .**

**سەبارەت بە ئاوهەوای ناوچەکەش، ئاووهەوایەکی سارد و نیمچە وشکە، زستانی سارد و هاوینی گەرمە، لە زستاندا پلەی گەرمی دەگاتە سفری سیلیزی و لە هاویندا نزیکەی ٤٧پلەی سیلیزی. بەپێی خاکەکەی و لە باری ئاووهەواکەی هۆکارێکن بۆ ڕاکێشانی زیاتری دانیشتوان و زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان.**

**لایەنە سروشتییەکانی قەزای سیدسادق و کاریگەریان لە سەر دابەشبوونی دانیشتوان**

**فاکتەرە سروشتییەکان جێپەنجەی روون و ئاشکرا بە جێدەهێڵن لە سەر دابەشبوونی دانیشتوانی قەزای سیدسادق کە بریتین لە ڕەگەزەکانی بەرزیونزمی و دەشت و ئاوهەوا و خاکی بەپیت و سەرچاوەی ئاو. پێویستە بە وردی هەموو ئەو ڕەگەزانە باس بکرێن کە چۆن بوونەتە لینکی پێوەندی نێوان توانا سروشتییەکان و دابەشبوونی دانیشتوان :**

**١ .بەرزیونزمی**

روون و ئاشکرایە هەر لە سەردەمی کۆنەوە مرۆڤ لە ناوچە جیاجیاکان و دۆڵ و گرد و دەشتاییەکاندا ژیاوە، هەردەم مرۆڤ ئارەزووی نیشتەجێی ناوچە تەختایی و دەشتەکان بووە، لە پێناو بەڕێوەبردن و ڕایەڵەکردنی چالاکی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە ئاسانی (خورشید، 1973). وەکو ڕوونە لە نەخشەی ژمارە (٤) بەرزیونزمی ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ناوچەکە دابەشبووە بە سەر دەشت و دۆڵ و چیا، بە بەرزیونزمی جیاواز، بە بەرزی ٦٠٧م (لە سەر ئاستی دەریاوە) دەست پێدەکات لە ناوچە دەشتاییەکانی سنووری قەزای سیدسادق تا ٢٢٢١م لە

باکووری ناحیەی سرۆچک کە ناوچەی شاخاوی و بەرزن.
ناوچە دەشتایەکانی سیدسادق یەکێکە لە ناوچە پڕبایەخ و گرنگەکان بۆ دانیشتوان بەراورد بە ناوچەکانی تری قەزاکە و لادێکانی دەوروبەری. ژمارەی دانیشتوان لە ناوچە دەشتاییەکانی سیدسادق ساڵ لە دوای ساڵ لە زیادبوون دا بووە گەر دووچاری سیاسەتی ڕاگواستن نەبوایەتەوە. خشتەی ژمارە (١) ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە ژمارەی دانیشتوان (٢٢٧٠١)کەس تۆمارکراوە لە ئاماری(١٩٧٧). دواتر ساڵی (١٩٨٧)(٤٣٧٢٠)کەس بووە دوای خاپوورکردنی سنوورەکە لە ساڵی ١٩٨٨ قەبارەی دانیشتوان بە ڕێژەیەکی کەم بەرزبووە و لە ئاماری ساڵی(٢٠٠٢) (٤٨٠٢٨)کەس دواتر دوای گەڕانەوەی دانشتوانەکەی ژمارەی دانشتوان زیادیکرد بۆ (٦٨٧٦٦)کەس ، (٧٥١٤٢)کەس لە ساڵانی (٢٠٠٩ و ٢٠١٢) لە دواییەک. گەر تەماشای ناوچە بەرزاییەکانی سرۆچک بکەین کە بەرزییەکەی دەگاتە ٢٦٠٠م ئەوا ژمارەی دانیشتوانی زۆر کەمترە لە ناوچە دەشتاییەکان وەک دەردەکەوێت تەنها لە ئاماری ساڵی(٢٠٠٩-٢٠١٢) ژمارەی دانشتوانی (٣٤٧٤)کەس ، (٣٧٩٦)کەس بە ڕیزبەندی. ئەمە بەشێوەیەک ژمارەی دانیشتوانی ناوچە بەرزاییەکانی سرۆچک کەمتر ٥٪ کۆی گشتی دانیشتوانی قەزاکە پێکدێنێ. لە کۆتاییدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ناوچە دەشتاییەکان و تەختاییەکانی سیدسادق هاوکارن بۆ دروستبوونی پێوەندی مرۆڤ و خاک
.

### 2. ئاوهەوا

کاریگەری ئاوهەوا لە ڕێگەی ڕەگەزەکانی دەردەکەوێت کە بریتین لە (پلەی گەرمی، پەستان، با، باران). سەرەڕای پێوەندی و بەستنەوەی رەگەزەکانی ئاوهەوا و تێکەڵبوونیان لەگەڵ یەک و کاریگەریان لەسەر ژینگە، کاریگەری رەگەزەکانی (پلەی گەرمی و باران) زیاتر لە هەر ڕەگەزێکی تر دەردەکەوێ لە سەر ڕێژەی دانیشتوان و چڕی شوێنە نیشینگەییەکان. پشت بەستن بە جیاوازی تۆپۆگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە هەروەها جیاوازی کاریگەری ئاوهەوایش بەدی دەکرێت، ناوچە دەشتاییەکان پلەی گەرمییان زیاترە لە ناوچە شاخاوییەکان، تێکڕای پلەی گەرمی ساڵانە کەمدەکات بە ئاراستەی باکووری قەزاکە و بەپێچەوانەوە ڕێژەی دابارین زیاد دەکات. بەپێی وێستگەکانی ئاوهەوای سنووری پارێزگای سلێمانی ڕێژەی دابارینی ساڵانە لە ناوچە شاخاوییەکانی ناحیەی سرۆچک بەرزترە لە دەشتاییەکانی قەزای سیدسادق بە ڕێژەیەکی کەم(الباقي، ٢٠١٧). ئەمەش وایکردووە دابەشبوونی دانیشتوان لە ناوچە دەشتاییەکان زۆرزیاتر بێت لە ناوچە شاخاوییەکان .

### 3. خاک

خاک لە ئەنجامی پرۆسەکانی کەشکاری کیمیایی و فیزیایی و ڕاماڵینی توێکڵی زەوی بەرهەم هاتووە، لە ژێر کاریگەری بەرزی و نزمی و ئاوهەوا. خاکی ناوچەی لێکۆڵینەوە دابەشبووە بە سەر دوو جۆری سەرەکی: خاکی کەستنەیی و خاکی چیاکان (بروانە نەخشەی ژمارە ٥). خاکی کەستەنەیی بە هەردوو جۆرەکەی بوونیان هەیە لە دەشتی شارەزوور کە بە خاکی کەستەنەیی قوڵ و تەنک ناسراوە و دەکەوێتە سەرووی دەریاچەی دەربەندیخان. ئەم خاکە بە یەکێک لە هەرە جۆرە بە پیتەکانی خاک ناسراوە لە هەرێمی کوردستان و عێراق، کە لە چەند ناوچەیەکی کەم بوونیان هەیە. لە بنەرەتدا پێکهاتووە لە بەردی کلس و ڕەنگێکی قاوەیی هەیە، لە سەرەوە فشەڵە و دەنکۆڵە نەرمە و دەوڵەمەندە بە مادەی کانزایی و ئۆرگانی بە ڕێژەی ١-٤٪، و کەمتر لە ٩٪ لە مەوادی کلسی(السورداشي، 1988). خاکی چیاکان، بەشی باکووری قەزاکە دادەپۆشێ کە دەکاتە ناوچەی بەرزنجە. خاکێکی تەنکە و رووتەنە بەهۆی زۆری لێژی و هۆکارەکانی داڕووتان، لە بەردی کلس پێکهاتووە (بەردی دایک). ئەم خاکە بە کەڵکی کشتوکاڵ نایەت. بۆیە ئەمەش هۆکارێکە کە ژمارەی دانیشتوانی دەشتاییەکانی سیدسادق زیاتر بێت لە ناوچە شاخاوییەکان.

### ٤ .سەرچاوەکانی ئاو

ئاو پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانی ڕۆژانەی دانیشتوانە، چونکە بە مەبەستی جیاواز بەکاردەهێنرێت، لەوانە بۆ مەبەستی پاکوخاوێنی و پێداویستییەکانی ماڵەوە و خواردنەوە و ئاودێری و پیشەسازی و هۆکارەکانی گواستنەوە. لەگەڵ زیادبوونی دانیشتوان بەکارهێنانی ئاویش زیاد دەکات، ئاو فاکتەرێکی گرنگی دروستبوونی شارستانیەتی کۆمەڵگا و گەشەی دانیشتوانەکەیەتی. سەرچاوە ئاوییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بریتین لە ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێرزەوی (نەخشەی ژمارە ٦) .
ئاوی سەرزەوی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدێت لە چەمی چەقان، قلیاسان (ئاوی تانجەرۆ) و لە گەڵ چەند چەم و لقێکی ئاوی تر. چەمی چەقان بە نێو قەزاکەدا تێدەپەڕێ و گەورەترین چەمی قەزاکەیە. کۆی چەم و لقە ئاوییەکان سەرچاوەی ئاوی ناوچەکەن و زۆربەی زەوییە

کشتوکاڵییەکان سوودی لێوەردەگرن و دواتر دەڕژێنە نێو دەریاچەی دەربەندیخان. هەروەها سەرچاوەی سەرەکی ئاوی ژێرزەوی ناوچەکەن لە ڕێگای پرۆسەی داچوون بەڕووی زەویدا لە بەشی باشووری قەزاکە .

## دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان

جوگرافیناسان گرنگی تایبەت دەدەن بە دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان، چونکە پێوەندی نێوان دانیشتوان و شوێنی نشتەجێبوونیان پیشاندەدات و هۆیەکانی دابەشبوون دەخاتەڕوو .(Trewathg, 1970)پسپۆڕانی بواری جوگرافیای دانیشتوان بایەخێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەکانی دابەشبوونی شوێن دەدەن، بەنەخشە دەیخەنەڕوو، بەمەیش ڕەنگدانەوەی کات و شوێن پیشاندەدات بە پشتبەستن بە چەند پێوەرێکی ئاماری (عبدالله، 2002). کرداری دابەشبوونی دانیشتوان دەرئەنجامی کارلێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی فاکتەرە سروشتی و مرۆییەکانە. هۆکارە سروشتییەکان کە کاردەکەنە سەر دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدێن لەناوچەی چیا و دەشتاییەکان، کە ناوچەیەکی لەبارن بۆ نیشتەجێبوون، ئاوهەوایان شیاوە کە لە نێوان (٠-٤٩) پلەی سیلیزیدایە. جۆری خاکەکەی دەوڵەمەندە بە مادەی کانزای و چەندین ڕێرەوی ئاوی باشی لێیە. هۆکارە مرۆییەکان بریتیین لە: سەرچاوەی زۆربەی بەروبوومە کشتووکاڵییەکانن، هەروەها ڕێگای سەرەکی پارێزگای هەڵەبجە دەبەستێتەوە بە پارێزگای سلێمانی، سەرەڕای بوونی چەند کارگەیەکی پیشەسازی. ئەم هۆکارانە کاریگەری زۆریان هەیە لە سەر ڕاکێشانی دانیشتوان. لێرەدا باسەکە دابەشدەکەین بەم شێوەی خوارەوە:

## یەکەم: دابەشبوونی جوگرافیای دانیشتوانی قەزای سیدسادق

دابەشبوونی دانیشتوان بریتییە لە ژمارە و چڕی دانیشتوان لە سەر ڕووبەرێکی جوگرافی بەشێوەی نایەکسان، لە هەندێ شوێن چڕبوونەوەی دانیشتوان زیاترە بەراورد بە شوێنێکی تر کە چڕی دانیشتوانی کەمە. جوگرافیناسان بایەخێکی تەواو دەدەن بە لێکۆڵینەوەکانی دابەشبوونی دانیشتوان بەهۆی دروستبوونی جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لە چوارچێوەی یەک قەوارەی هەرێمی. دیاردەی دابەشبوونی دانیشتوان دیاردەیەکی دینامیکی بەردەوامە کە هۆکار و دەرئەنجامەکەی جیاوازە بە پێی جیاوازی شوێن و کات(السعدي، 2002). جوگرافیای دانیشتوان گرنگی دەدات بە دابەشبوونی دانیشتوان لە سەر بەشەکانی سەرڕووی زەوی. ئەم بابەتە بایەخێکی زۆری هەیە، چونکە بەدوای چارەسەری کێشەکانی دابەشبوون و چڕی دانیشتوانەوەیە و چۆنێتی دروستکردنی کاریگەری لە سەر ناوچەیەکی جوگرافی، کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی دابەشبوونەوەی شێوەی دانیشتوان و چۆنێتی دۆخ و گوزەرانی دانیشتوانەکەی، هەروەها ڕۆڵی فاکتەرە جوگرافییەکان لە جیاوازی شوێن و چڕی و شێوازی ژیانی دانیشتوان(الخفاف، 1986) .

لێرەدا بە وردی باس لە دابەشبوونی دانیشتوانی قەزای سیدسادق دەکەین وەکو دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی کە گونجاو بێت لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە. خشتەی ژمارە (١)، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە قەزای سیدسادق لە سەرەتای دروستبوونییەوە دووچاری چەندین گۆڕانکاری دیمۆگرافی بۆتەوە وەکو ناحیە ساڵی(١٩٥٦) تا کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو، بەهۆکاری جیاواز لەوانە ئەم قەزایە مەڵبەندی چەندین شۆرش بووە، لە شۆڕشەکانی شیخ مەحمود و شۆڕشەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان. هەروەها شەڕی ئێران-عێراق، بە بیانوی جیاواز دانیشتوانەکەی ڕاگوێزراون بۆ ئۆردوگاکانی شارەکانی تری پارێزگای سلێمانی. لەم توێژینەوەیەدا توانیومانە بە پێی پێویست پشت بە ئاماری ڕاست و دروست ببەستن و دوور بکەوینەوە لە هەرئامارێکی گوماناوی، بۆیە پشت بەسترا بە ئاماری سەرژمێری ساڵی(١٩٧٧)و ئامارەکانی وەزارەتی پلاندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٠٠٢، ٢٠٠٩، ٢٠١٢) .

خشتەی ژمارە (١) ئاماژە بەوە دەکات کە ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی سیدسادق لە ساڵی (١٩٧٧)(٢٢٧٠١) کەس بووە، کە ئەو سەردەمە سەر بە قەزای هەڵەبجە و سەنتەری ناحیەی شارەزوور بووە، ژمارەی دانیشتوانی ناحیەکە بە پلەیەک دێت پێش ڕێژەی دانیشتوانی سەنتەری قەزای هەڵەبجە کە ژمارەیان (٢٢٤١١) کەس بووە. لە ئاماری ساڵی ١٩٨٧ ژمارەی دانیشتوانەکەی هەڵکشا بۆ (٤٥٧٢٠) کەس، هۆکارەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ سەقامگیری بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و پاڵپشتیکردنی کەرتی کشتوکاڵ بۆ جووتیارانی ناوچەکە. بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ ناحیەی سیدسادق زۆرترین ڕێژەی دانیشتوانی هەبووە بەراورد بە سەنتەری قەزای هەڵەبجە (٤٠١٥٧) کە ناحیەی سیروان دانیشتوانەکەی (٢٩٤٢٢) کەس بووە، واتا ڕێژەی

دانیشتوانی ناحیەی سیدسادق لەپێشەوەیە بەرێژەی(٣٩.٦٥٪)، دواتر سەنتەری قەزای هەڵەبجە و ناحیەی سیروان بەرێژەکانی(٣٤.٨٢٪)و(٢٥.٥١٪)بەپلەی دووهەم و سێهەم هاتووە لەسەر ئاستی قەزای هەڵەبجە .

هەر لە دوای ساڵی(١٩٨٧) دانیشتوانی قەزای هەڵەبجە بە گشتی و ناحیەی سیدسادق بە تایبەتی توشی گەورەترین پاکتاوی ڕەگەزی بوونەوە لە مێژووی ناوچەکە، ڕژێمی بەعس ناحیەکەی بە یەکجاری خاپوور کرد و دانیشتوانەکەی دەربەدەرکرد. ساڵی(١٩٩١) دوای دروستکردنی ناوچەی دژەفڕین لە لایەن هاوپەیمانانەوە و دروستکرنی قەوارەی حکومەتی هەرێمی کورستان، خەڵکی ناوچەکە گەڕانەوە و دووبارە ناحیەکەیان ئاوەدان کردەوە، لە سەر ئەرکی خۆیان و بەبێ قەرەبووکردنەوەیان. ساڵی(١٩٩٧)حکومەتی ناوەندی (عێراق)، سەرژمێری گشتی دەسپێکرد بەڵام بەبێ بەشداربوونی پارێزگاکانی هەرێمی کورستان، بۆیە حکومەتی ناوەند پشتی بە خەملاندی دانیشتوانی هەرێم بەست ، بووە هۆی بێمتمانەیی لایەنە پێوەندیدارەکانی ناوخۆ و دەرەوە .

ساڵی(٢٠٠٢) بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی دەستیکرد بەکۆکردنەوەی زانیاری دانیشتوان لە ژێر ناوی ئاماری دانیشتوان و ژێرخانی خزمەتگوزاری بۆ سنووری پارێزگاکە. لەم ئامارەدا ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی سیدسادق (٤٨٠٢٨) کەس خەملێنرا، ئەم ژمارەیە زیادبوونیکی ئەوتۆی تۆمار نەکرد بەراورد بە ماوەی سەرژمێرێکە کە (١٥)ساڵ بوو، لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٧-٢٠٠٢)، هۆکارەکەیشی ڕووداوەکانی ساڵی(١٩٨٨) بوو کە باسکرا. بە پێی ئاماری دانیشتوانی ساڵی(٢٠٠٢) ناحیەی سیدسادق سەربە قەزای شارەزوورە، ڕێژەی دانیشتوانەکەی دیسان بە پلەیەک هاتووە دواتر ناحییەکانی ناوەندی شارەزوور و وارماوە بە پلەی دووەم و سێیەم، بە ڕێژەی (٣٠.٧٣٣)، (١٦.٠٥١)، بە ڕیزبەندی.

لە بەرواری ٢/٢١ ساڵی(٢٠٠٧)بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، قەزای سیدسادق کرا بە ناوەندی قەزا و لە ناحیەی سرۆچک و ناحیەی ناوەند پێکهێنرا. ساڵی(٢٠٠٩)حکومەتی هەرێم دەستیکرد بە پرۆسەی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی دانیشتوان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، دەرکەوت ژمارەی دانیشتوانی قەزای سیدسادق بەم جۆرە بوو؛ قەزای ناوەندی سیدسادق (٦٨٧٦٦) کەس و ناحیەی سرۆچک (٣٤٧٤)کەس، کۆی دانیشتوانەکەی دەگاتە (٧٢٢٤٠)، واتا ٩٥٪ دانیشتووانەی نشتەجێی قەزای ناوەند بووە و تەنها ٥٪ دانیشتوانەکەی نیشتەجێی ناحیەی سرۆچک بووە. هۆکاری ئەم زیادبوونەیش دەگەڕێتەوە بۆ جێگیربوونی بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و ئاوەدانکردنەوەی و فراونکردنی کەرتە خزمەتگوزاییە جیاوازەکان لە باشبوونی کەرتەکانی پەروەردە و تەندروستی و کشتوکاڵی و باشبوونی کەرتی پیشەسازی لە ناوەندی قەزاکە. لێرەدا ئەم زیادەیە بە حاڵەتی ئاسایی تەماشا دەکرێت، چونکە تەنها دۆخی دیموگرافی ناوچەکە گەڕاوەتەوە باری ئاسایی خۆی، لە باسی گەشەی دانیشتوان زیاتر باسی دەکەین .

سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی سرۆچک(بەرزنجە)، ساڵی(١٩٧٧) سەر بە قەزای شارباژێڕ بووە، دانیشتوانەکەی (١٢٤٨٨) کەس بووە (غەفور، ٢٠٠٣). ساڵی(١٩٨٧) ئەم ژمارەیە دابەزیوە (٢١٥٢) کەس، ئەم دابەزینە دەگەڕێتەوە بۆ ڕووخاندنی ناحێکە لەسەردەمی ڕژێمەکانی عێراق لە ساڵانی (١٩٦٣و١٩٨٢و١٩٨٧) هەروەها بەردەوام کۆچکردنی دانیشتوانەکەی بۆ ناوەندی شاری سلێمانی کە خزمەتگوزاری زیاتر بەردەستبووە. ساڵی(٢٠٠٩) ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی سرۆچک (٣٤٧٤) کەس بووە، هەرچەندە ئەم ڕێژەیە تا ڕادەیەک لە زیادبووندایە، بەڵام ئامازەکان ئەوە دەردەخەن، هەوڵی تەواو نەدراوە دانیشتووانەکەی بگێڕدرێنەوە زێدی خۆیان. دەکرا حکومەتی هەرێم بایەخی زیاتری بەم ناحێیە بدایە، کە لە زۆر بوار و خزمەتگوزاری بێبەشە لە ڕێگەوبان و قوتابخانەو وبنکەی تەندروستی و ڕاکێشانی تۆڕی کارەبا و ئاو هەروەها خزمەتگوزاریە سەرەتایەکانی تر .

بەهۆی نەبوونی سەرژمێری گشتگیر و نوێ لە هەرێم و عێراق، ساڵی(٢٠١٢) دەزگای ئاماری هەرێم و بەهاوکاری بانکی نێودەوڵەتی، هەستان بە دانانی ڕووپێوی نەخشەی هەژاری و مردووان و دانانی ڕووپێوی هێزی کار. لەم ئامارەدا دانیشتوانی قەزای سیدسادق (ناوەند) بە (٧٥١٤٢)کەس خەملێنرا، واتا بە پلەی یەک دێت پاشان ناحیەی سرۆچک بە ڕێژەی (٣٧٩٦)، کۆی گشتی دانیشتوانی قەزاکە دەکاتە (٧٨٩٣٨) کەس. چڕی دانیشتوان باس لە پێوەندی ژمارەیی نێوان دانیشتوان و ئەو ڕووبەرە دەکات کە تێییدا دەژین(لەبیب، ٢٠١٠). چڕی دانیشتوانی قەزای سیدسادق وەک لە ژمارە (١)، لێرەدا ئەومان بۆ دەردەکەوێت کە ساڵی(١٩٧٧)لە ناحیەی سیدسادق (٧٢) کەس ژیاوە لەسەر (١کم٢)، و ساڵی (١٩٨٧)هەڵکشاوە بۆ (١٤٦) کەس، ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ زیادبوونی دانیشتوانی ناحییەکە

بەگشتی. لە ئاماری ساڵی ٢٠٠٢ پێگەی کارگێری ناحییەکە وەکو خۆی ماوەتەوە، (١٥٣کەس/کم٢). بەڵام لە ئاماری ساڵی (٢٠٠٩)پێگەی کارگێری ناحییەکە گۆڕدرا بۆ قەزا و وناحیەی سرۆچکی خراوەتە سەر (کە پێشتر لە سەر قەزای شاربازێڕ بووە) بۆیە ڕووبەری قەزای سیدسادق دووجار زیادیکرد لە ٣١٣کم٢ بۆ ٦٢٥ کم٢. لەبەر فراوانبوونی سنوور و ڕووبەری قەزاکە چڕی دانیشتوانی دابەزی بۆ ١١٦ کەس/کم٢. چڕی دانیشتوان (٢٠١٢)ئاماژەی کرد بە ١٢٦کەس/کم٢).

## دووەم: دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لە نێوان شارنشین و گوندنشین

مەبەست لە دابەشبوونی ژینگەیی جیاکردنەوەی دانیشتووانە لە نێوان شار و گوند لە ڕووی دا کارگێری و شارەوانی بە بنەمای جیاکردنەوەی ناوچەی شارنشین و لادێنشین دادەنرێ. خشتەی ژمارە (٢)، لێرەدا جیاوازی بەرفراوان بەدیدەکرێت لە ڕێژەی دانیشتوانی شار و گوند لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٧-٢٠١٢)، بە جۆرێک ڕێژەی شارنشین لە هەڵکشاندایە لەسەر حسابی گوندنشین. ڕێژەی دانیشتوانی شار زیاد دەکات لەسەر ئاستی دانیشتوانی قەزای سیدسادق، ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین ساڵی (١٩٧٧)(٣٤.٨٪)دواتر بەرزبۆتەوە بۆ (٥٧.٣٪) ساڵی (١٩٨٧) دواتر دیسان بەرزبۆتەوە بۆ (٦٣.١٪) ساڵی (٢٠٠٢)بە خێراییەکی گەورە، هەروەها دووبارە زیادیکردووە بۆ (٧٤.٢٪) لە ساڵی (٢٠٠٩)، بەڵام لە زیادکردن وەستا ساڵی (٢٠١٢)، ئەم وەستاندنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خەمڵاندنەی کە کراوە لە ژمارەی دانیشتوان. ئەم زیادە ناسروشتییە لە قەبارەی دانیشتوانی شار ئامار لە دوای ئامار ئاماژەیە بۆ ڕوخاندنی گوندەکان لە ساڵانی شەڕی نێوان ئێران-عێراق کە دانیشتوانەکەی ڕوویان کردە شارەکان. لە بەرامبەردا قەبارەی دانیشتوانی گوند لە کەمبوونەوەدایە، بەشێوەیەک نیوەی گوندنشینان بوون بە شارنشین لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٧)بۆ (١٩٨٧) لە (٦٥.٢٪) دابەزی بۆ (٤٢.٧٪) و لە ساڵی ٢٠٠٢، زیاتر دابەزی بۆ (٣٥.٩٪) لەبەر ناسەقامگیری دۆخی ئەمنی ناوچەکە. بەشێوەک لە خشتەکە ڕوونە، هیچ ساڵێک لەم سەرژمێریانە قەبارەی گوندنشین لە سەروی شارنشینەوە نیە، تەنها ساڵی (١٩٧٧)کە ڕێژەی گوندنشین دوجار بە قەد شارنشینە، چونکە ناوچەکە تاڕادەیەک سەقامگیرتر بووە و هیچ ڕژێمێک وەکو ڕژێمی بەعس دەڕندە نەبووە لە

ڕوخاندنی زۆربەی گوندەکانی ناوچەکە و دەربەدەرکردنی دانیشتوانەکەی.

ساڵی (٢٠٠٩) دووبارە قەبارەی گوندشینان ڕوو لە دابەزینە، کەمبووەتەوە بۆ (٢٥.٨٪)، بەڵام ساڵی (٢٠١٢)دەوەستێت، چونکە ئاماری مەزندەکراوە. ئەم دابەزینە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەتی هەرێم لەم ساڵانەی دوییدا هاوکاری پێویستی بۆ گوندنیشان دابین نەکردووە، هەروەها دەرگای دامەزراندن بە بەرفراوانی بەڕووی هاوڵاتیانی ناوچەکە کرایەوە بەزۆری ڕوویانکردۆتە دامەزراندن.

سەبارەت بە ناحیەی سرۆچک، خشتەی ژمارە (٢) ئاماژە بەوە دەکات ساڵی (٢٠٠٩و٢٠١٢) زۆربەی دانیشتووانەکەی شارنشین و گوندنشین (٦٤.٤٪)، هەروەها جیاوازی (١٨٥٪) لە نێوان گوندنشینان بەهۆی ئەوەی ناحیەکە پێش ئەوەی بخرێتە سەر قەزای سیدسادق ڕوخێندرابوو و دانیشتوانەکەی کۆچیان کردبوو بۆ قەزاکانی شاربازێڕ و پێنجوێن و سلێمانی و سیدسادق. مانەوەی ئەم ڕێژەیە وەکو خۆی پێوەندی بە خەمڵاندنی ئامارەکانەوە هەیە. هەر بە سەرنجدانی قەبارەی دانیشتووانی ناحییەکە ئەوە دەردەخات کە ئەم ناوچەیە تووشی کاولکاری گەورە بۆتەوە، دانیشتوانی شارەدێکە کۆچیان پێکراوە.

لە کۆتایدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئاراستەی دانیشتوانی قەزاکە گۆڕدراوە لە گوندنشینەوە بۆ شارنشین، بەهۆی بوونی هەلی کار و خزمەتە تەندروستییەکان و فێرکردن و بوونی ژێرخانی شار بەراورد بە گوند کە بێبەشبووە لە ئەنجامی نەبوونی ڕێگاوبانی پێویست و ژێرخانی گوندەکان، هەروەها سەرەڕای بێکاری و بێبازاڕی بەروبوومە کشتوکاڵیەکانیان.

## گەشەی دانیشتوان

جیاوازی ڕێژەی دانیشتوان بە زیادبوون و گەشەکردن یان کەمبوونەوە کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەرەکانی ڕێژەی لەدایکبوون و مردن و کۆچ. ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان ژمارەی لە دایکبوون و مردندا هەیە پێی دەگوترێت زیادەی سروشتی دانیشتوان(علي لبيب، ٢٠١٠).بەڵام گەر هاتوو جگە لە لەدایکبوون و مردن، دانیشتوان بە هۆی کۆچکردنەوە زیادیکرد، ئەوە بە زیادبوونی گشتی دەناسرێت(مكي و آخرون، 1984). بۆیە فاکتەرگەلێلک بڕیار لە سەر گەشەی دانیشتوان دەدەن. هیچ هاوسەنگییەک لە

نێوان ئەم فاکتەرانەدا نیە و قابیلی گۆڕانن بە پێی کات(السعدي، ٢٠٠٢) .

خشتەی ژمارەی (٣) و شێوەی ژمارە (٢) تێکڕای گەشەی دانیشتوان پیشان دەدات لە قەزای سیدسادق. لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧)بە تێکڕای(٧.٢٪) بووە بۆ هەر ساڵێک (شێوەی ژمارە ٢)، ئەم ژمارەیە زۆربەرزە بەراورد بە هەموو ساڵانی تر، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆچکردنی دانیشتوانی لادێکان بۆ سەنتەری ناحیەکە، چونکە ئاستی خزمەتگوزاری ناحیەکە باشتربووە لە لادێکانی دەوروبەری. تاڕادەیەک ناوچەکە سەقامگیری سیاسی بەخۆوە بینیوە بەراورد بە گوندەکان کە جێگای ئاڵۆزی و چالاکی هێزە کوردیەکان بوون. هەروەها قەزای سیدسادق خۆی لە خۆیدا بە یەکێک لە خێراترین قەزا دادەنرێت کە زیادبوونی دانیشتوانی تێدا تۆمارەکراوە لە سەر ئاستی پارێزگای سلێمانی ئەمەش بەهۆی کۆچکردنی دانیشتوانی لادێەکان بۆ شار دەگەڕێتەوە (شێوەی ژمارە ٣). لەم شێوەیەدا ڕوونە کە گەشەی دانیشتوانی سیدسادق لە هەموو ساڵەکان بەرزترە لە کۆی گشتی گەشەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی. لە ئاماری ساڵانی(١٩٧٧-١٩٨٧) گەشە لە سیدسادق (٧.٢٪) و لە سلێمانی (٣.٢٪)، لە ماوەی(١٩٨٧-٢٠٠٢) لە سیدسادق (٠.٣٢) بەڵام لە سلێمانی (١.٨٪) تەنها لە ئاماری گەشەی قەزاکە کەمترە، بەهۆی ڕاگواستنەوە دانیشتوانی ناوچەکە لە ساڵی ١٩٨٧. بەهەمان شێوە دوبارە گەشەی قەزاکە بەرزتر بووەوە لە (٢٠٠٢-٢٠١٢)بە (٦٪) بەڵام لە سلێمانی (٤.٢٪).

ساڵی (١٩٨٧-٢٠٠٢) کەمترین گەشەی دانیشتوان تۆمارکراوە بە ڕێژەی(٠.٣) لەسەر ئاستی سەرژمێرییە وەرگیراوەکانی توێژینەوەکە. کەمی گەشەی دانیشتوانی سیدسادق دەگەڕێتەوە بۆ ڕوخاندنی زۆربەی دێهات و ناوەندی شارەدێکە، لە پرۆسەی ڕاگواستنی خەڵکەکەی بۆ شارەکانی تری پارێزگای سلێمانی وپارێزگاکانی عێراق .

بەڵام دوای ئازادکردنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ساڵی (١٩٩١)دانیشتوانەکەی گەڕانەوە و دووبارە ناحێکەیان ئاوەدانکردەوە، هەروەها دوای بەقەزاکردنی ناحێکە، گەشەیەکی خێرای بە خۆیەوە بینی لە ساڵانی(٢٠٠٢-٢٠٠٩) گەشەی دانیشتوان بەرزبووەوە بۆ (٦٪). دوای ساڵی(٢٠٠٩) تا(٢٠١٢)گەشە بەرەو دۆخی سروشتی هەنگاوی نا بە ڕێژەی (٣٪) ، ئەم ژمارەیە بە حاڵەتی سروشتی ئەژمار دەکرێت بە گوێرەی پێوەرکانی گەشەی دانیشتوان .

سەبارەت بە گەشەکردنی دانیشتوانی سرۆچک، وەک پێشتر ئاماژەمان پێیدا، ئەم ناحێیە سەرەتا سەر بە قەزای شارباژێر بووە، بەڵام لە دوای بە قەزاکردنی ناحێکە ساڵی(٢٠٠٧)بووە بە بەشێک لە قەزای سیدسادق. لەم توێژینەوەیەدا تەنها باس لە ئاماری ناحیەی سرۆچک کراوە لە دوای ئەوە کە خراوەتە سەر قەزای سیدسادق ساڵی (٢٠٠٧)، واتا تەنها ئامارەکانی ساڵانی (٢٠٠٩و ٢٠١٢ )وەرگیراوە. خشتەی ژمارە (٣)، ئاماژە بە گەشەی دانیشتوانی ناحێکە دەکات لە ماوەی ساڵانی(٢٠٠٩-٢٠١٢)وەک تاکە ناحێی سەر بە قەزای سیدسادق. لە خشتەکە تێکڕای گەشەی دانیشتوانی ناحییەکە ٣٪ بووە، بەمەش یەکسانە لەگەڵ گەشەی دانیشتوانی گشتی قەزای سیدسادق .

دوای شیکردنەوەی گەشەی دانیشتوانی قەزای سیدسادق (ناوەند) و ناحیەی سرۆچک دەگەیین بەو ڕاستییەی کە بەهۆی ناڵەباری بارودۆخی سیاسی و ئەمنی قەزاکە، گەشەی دانیشتوانی لە ماوەی سێ دەییەی ڕابردوو ژمارەی ڕاستەقینە یان سروشتی نین و ناکرێت ئەم ڕێژەیە وەکو بنەمایەک سەیر بکرێت بۆ هەر پلانێک و بەرنامەڕێژی بۆ دوارۆژی قەزاکە، بۆیە بەڕای توێژەرانی توێژینەوەکە ئامارەکانی ساڵانی (٢٠٠٢) تاکو(٢٠١٢) باشترین ئامارن کە بتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێت بۆ دانانی پلانی درێژمەودا بۆ قەزاکە.

تێکڕای گەشەی دانیشتوان بە پێی ئەم هاوکێشەیە بەدەستهێنراوە (جاسم، ٢٠٠٠)

$$R = \sqrt[n]{\frac{P1}{P0}} - 1 \times 100$$

R تێکڕای گەشەی دانیشتوانی ساڵ،

n ماوەی ساڵانی نێوان سەرژمێریەک بۆ سەرژمێریەکی تر

P1 سەرژمێری دواتر

P0 سەرژمێری پێشوو

## هۆکارەجیاوازەکانی گەشەی دانیشتوان لە قەزای سیدسادق

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە گەشەی دانیشتوانی قەزای سیدسادق جیاوازە بە پێی ئاماری سەرژمێری ساڵە وەرگیراوەکان لە توێژینەوەکەدا، هۆکاری جیاوازی گەشەدانیشتوان پۆلێن دەکەین بۆ چەند خاڵێک :

**یەکەم: هۆکاری زیادبوونی سروشتی**

گەشەی سروشتی دانیشتوان ڕەگەزێکی گرنگی گەشەی دانیشتوانە کە دەکۆڵێتەوە لە جیاوازی ژمارەی لە دایکبووان و مردووان لە ماوەیەکی دیارکراودا. بەڵام ئەو ئامارانە کە لەم توێژینەوەیە بەردەستبوون بریتی بوو لە داتای پاشکۆی ژمارە (١)، بەداخەوەئامارەکانی ساڵانی(١٩٧٧-٢٠١٢)بەردەست نەبوون. (پاشکۆی ژمارە ١) ڕێژەی گشتی لە دایکبوون جیاوازی تێدا بەدیدەکرێت بەجۆرێک لە ساڵی ٢٠١٠ (٣٣) لە هەزار بووە، دواتر دابەزی بۆ (٢٧) لە هەزار لە(٢٠١١)، دووبارە دابەزی بۆ (١٨) لە هەزار لە (٢٠١٢). هەڵکشان و داکشانی ڕێژەی گشتی لە دایکبووان پێوەندی بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەندروستی و ئاستی ڕۆشنبیری و ڕامیاری دەوڵەتەوە هەیە. هەروەها ڕێژەی گشتی مردووان لە ٢٠١٠ (١٠) لە هەزاری تۆمارکرد و (٦)و(١٥) لە هەزار لە ساڵانی(٢٠١١، 2012)بە ڕیزبەندی. هۆکاری گشتی جیاوازی داتاکان دەگەڕێتەوە بۆ نادروستی ئامارەکە بۆیە لە شیکردنەوە و بەراوردە گشتییەکان تشکی نەخراوەتە سەر.

**دووەم: هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی**

دابونەریتی کۆمەڵگا کاریگەری گەورەی هەیە لە سەر پاڵپشتیکردنی خێزانی گەورە و هانی تاکەکان دەدات لە منداڵ نانەوە. زۆرێک لە گۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان ڕێز لەو خێزانانە دەگرن کە ژمارەیان زۆرە، چونکە وایدادەنێن گەر هاتوو هەر خێزانێک گەورەبێت ئەوە دەتوانن بەرگری لە بوونی خۆیان بکەن لە مەترسییە دەرەکییەکان(الحسن، 1981). هەروەها خێزانی گەورە دەستی وەبەرهێنی کارە لە چالاکییە ئابوورییەکانی وڵات، ئەم دۆخە هەموو گوندنشین و شارنشینان دەگرێتەوە بەڵام بە شێوەی جیاواز بە گوێرەی ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیری دانیشتوان و بارودۆخی ئابووری(محمد، ٢٠٠٢). بروانە شێوەی ژمارە (٤)، ئەم دیاردەیە بەدی دەکرێت لە نێو دانیشتوانی قەزای سیدسادق، ئامارەکانی ساڵی(١٩٧٧)ئاماژە بەوە دەکەن کە تێکرای قەبارەی خێزان، شارنیشینان دەگاتە (٨.١ کەس/ خێزان)، لە ئاماری ساڵی ١٩٨٧ بەرزبوەتەوە بۆ (٩.١ کەس/ خێزان) واتا خواستی دانیشتوانی شارنیشینانی قەزاکە لە ماوەی(١٩٧٧-١٩٨٧)زیادیکردووە بۆ دروستکردنی خێزان.

بە پێچەوانەوە ساڵی ٢٠٠٢ تێکرای قەبارەی خێزان دابەزی بۆ (٥.٥ کەس/ خێزان)، ئەم ژمارەیە وەک خۆی مایەوە و گۆڕانکاری بەسەر نەهات لە ئاماری(٢٠٠٩)دواتر جارێکی تر دابەزی بۆ (٥.٤ کەس/ خێزان) لە ئاماری ساڵی (٢٠١٦). بە گشتی قەبارەی خێزان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە نێوان (٩.١-٥.٤ کەس/ خێزان) بووە، لە(٥.٤ کەس/ خێزان) کەمتر نەبووە، لە هەمان کاتدا قەبارەی خێزان بەرەو بچووکبوونەوە دەڕوات. بچووکبوونەوەی قەبارەی خێزان دەگەڕێتەوە بۆ ووشیاری دانیشتوانی هەرێم بە گشتی و قەزای سیدسادق بە تایبەتی بۆ دیاریکردنی ژمارەی نەوە، چونکە خواستی پێداویستی تاک هەڵوەشایەوە و باری ئابووری داکشاوە وایکردووە خەڵکی بیر لە سنووردارکردنی خێزان بکەنەوە ئەمە لە لایەک. لە لەیەکی ترگەنجان بیر لە کۆچ دەکەنەوە بۆ وڵاتانی دەرەوە. ئەم هۆکارانە کاریگەری تەواویان کردۆتە سەر کەمبوونەوەی گەشەی دانیشتوانی شارنشیانی ناوچەکە. بۆیە گەشەی دانیشتوان لە ساڵانی (١٩٧٧)(٧.٢٪) دابەزی بۆ (٣٪) ساڵی ٢٠١٢.

**سێیەم: هۆکاری کۆچ و ڕاگواستن**

کۆچ یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی گەشەی دانیشتوان و گرنگیەکی تەواوی هەیە لە سەر دووبارە دابەشبوون و جیاوازی ڕێژەی گەشەکردن. کۆچ لە لایەن جوگرافیناسانەوە بەم شێوەیە دەناسرێت کە دانیشتوان دەگوازرێنەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لە پێناو گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی، گەر هاتوو شێوازی گواستنەوەکە لە ناو سنووری یەک وڵاتدا بوو ئەوە بە کۆچی ناوخۆیی دەناسرێت، و ئەگەر گواستنەوەکە دەرەوەی سنووری وڵات بوو ئەوە بە کۆچی نێودەوڵەتی دەناسرێت(عیاتە، 1989). هەروەها کەسانی تر ئەم کۆچەیان پۆلێن کردووە بۆ کۆچی ئارەزوومەندانە و زۆرەملی(مکی و اخرون، 1984). لە ژێر ڕۆشنایی ئەم جۆرە کۆچانە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەر ئەم جۆرە کۆچانە کەوتووە. وەکو پێشتر ئاماژەمان پێیدا کۆچی گەنجانی قەزاکە لە دوای ساڵانی نەوەدەکانەوە بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، بەڵام هیچ ئامارێکی فەرمی یان باوەڕپێکراو لە بەر دەست نەبوو. جۆری دووەم بریتییە لە ڕاگواستنی زۆرەملێی دانیشتوانی گوند و شاری سیدسادق لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە، لێرەدا بە چەند قۆناغێک ئەم هۆکارە باسدەکەین.

قۆناغی یەکەم: پاش ڕێکەوتنامەی جەزائیر ساڵی(١٩٧٥) ڕژێمی بەعس بە بەرنامە و پلانی پێشوەخت، پلانی ڕاگواستنی بۆ ئەو ناوچانە کە جموجوڵی هێزی پێشمەرگەی تێدا بوو دارشت، بۆ ئەوەی هێزی مرۆیی لە چالاکێکانی هێزی پێشمەرگە دابرێت. ناوچەی سیدسادق بەشێکی گرنگی چالاکی هێزەکانی پێشمەرگە بوون. لە نێوان

سالآنی(١٩٧٧-١٩٨٠) نزیکەی ١٤ گوندیان ڕوخاند کە پێکهاتبوون لە ٣٦٢ خێزان و ٢١٠٠ کەس(عەلی، ٢٠٠٧)، کە دەکاتە ١٥٪ لە کۆی ڕێژەی دانیشتوانی گوندنیشینان.

قۆناغی دووەم: ساڵی(١٩٨٠-١٩٩٠)ڕژێمی بەعس بارودۆخی ڕاوەستانی جەنگی ئێرانی بە هەلقۆستەوە بۆ لە ناو بردنی بزافی ڕزگاریخوازی کورد و لە سەر هەمان پلان و بەرنامە ڕێژی بەردەوام بوو بۆ ڕاگوستنی دانیشتوانی سیدسادق و گوندەکانی دەورووبەری، لەم قۆناغە و لە ساڵی(١٩٨٧)نزیکەی ٤٨ گوند خاپوور کرد زۆربەیان کەوتوبوونە سنووری ناحیەی خۆرماڵ و پێنجوێن. دوای ساڵێک بە سەر خاپوورکردنی گوندەکان ڕژێم پەلاماری سەنتەری ناحیەی سیدسادقیدا لە بەرواری(١٩٨٨/٣/١٩)دەستی پێکرد و تا کۆتایی مانگی ٣ ی هەمان ساڵ سەنتەری ناحێکە بەتەواوەتی ڕوخێندراو نزیکەی ٨٥٪ دانیشتوانەکەی دەربەدەرکران. خەڵکی شارەکە و دەوروبەری ڕاگوازران بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان کە پێکهاتووبوون لە ئۆردوگای برایەتی(الاخوة) لە باریکە و ئۆردوگای شانەدەری و هەڵەبجەی تازە هەروەها دابەشبوون بە سەر شار و شارۆچکەکانی تری پارێزگای سلێمانی. هەڵبەتە بە هۆی ئەوەی دانیشتوانی سیدسادق دەربەدەربوون و لە جێگای خۆیان نەبوون کەمتر پرۆسەی ئەنفال گرتێوە، بگرە ئامارێکی تەواو نیە لە ئەنفالکردنی دانیشتوانی سنووری قەزای سیدسادق(م. سەلاح،٢٠١٩/٩/٢٩).

دوای ساڵی(١٩٩١)دانیشتوانە ڕاگوازراوەکەی دووبارە گەڕایەوە ناحێکە و ئاوەدانیان کردەوە و بگرە ڕێژەی گەشەی دانیشتوان ساڵ لە دوای ساڵ لە گەشەکردن و پەرەسەندندایە. ئەم فاکتەرە ئاماژە بەوە دەکات کە سیدسادق لە گەشەکرندنێکی زۆر بەرفراونتر دەبوو گەر دووچاری کاولکاری نەبوایەتەوە.

**چوارەم: هۆکاری کارگێڕی و سیاسی**

لە سەرەتای دروستبوونی وڵاتی عێراقدا، دانیشتوانی هەموو شار و شارۆچکەکان گۆڕانی جۆراوجۆریان بە سەردا هاتووە لە ژێر هۆکاری جیاواز و بە بیانوی ڕێکخستنەوەی پەیکەری شار و شارۆچکەکانی عێراق، بەڵام لە بنەڕەتدا گۆڕینی دیمۆگرافی چەند ناوچەیەک ئامانجی سیاسییان لە پشتەوە بوو. دوای هەر ناوچەیەک کە ڕژێم درکی بە مەترسی بکردایە لە سەرهێرشکردنە سەرئاسایشی دەسەڵاتەکەی، هەڵدەستا بە خاپوورکردن و دەرکردنی دانیشتوانەکەی و گواستنەوەیان بۆ کەمپ و ناوچەکانی تری عێراق. ئەمە لە خۆیدا هۆی گۆڕینی دیموگرافی ئەو ناوچەیەی کە وەک بەرهەڵستکار و تێکدەر دەناسران. سیدسادق یەکێک بووە لە شارە زیانلێکەوتوەکانی هەرێمی کوردستان کە چەندین جار دانیشتوانەکەی گوازراونەتەوە بۆ ئۆردوگاکانی دەوروبەری و دواتر دووبارە گەڕاونەتەوە بۆ شارەکەیان.

ساڵی(١٩٤٦)سیدسادق بۆ یەکەمین جار وەکو گوندێک ناسراوە سەربە ناحییەی خورماڵ، قەزای هەڵەبجە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٥). ساڵی (١٩٥٥)کراوە بە ناحییە لەسەر قەزای شارەزوور. سیدسادق لە شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید و شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشەکانی نۆی و گوڵان و ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی(١٩٩١)، مەڵبەندی خەبات و شۆرشگێڕانی کوردستانی عێراق بووە. لە پێناو ئەو شۆڕش و پاڵپشتیکردنی بزوتنەوەکانی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، دانیشتوانەکەی باجی گەورەیان داوە، هەر لەو پێناوەشدا شارەکە ڕۆخێنراوە و خەڵکەکەی دەرکراون. ساڵی(١٩٦٣)ڕژێم ڕەشەکوژییەکی ئەنجامدا و چەندین کەسی شەهید و بریندارکرد و هەندێکشی گواسترانەوە بۆ بەندینخانەکانی سلێمانی. هەر لە سەردەمی بەعسدا لە ساڵی(١٩٨٢) خەڵکی سیدسادق ڕاپەرینیان ئەنجامدا لە دژی دەسەڵاتدارانی بەعس و لە ساڵی(١٩٨٧) جارێکیتر خەڵکەکەی ڕاپەڕی بەرامبەر هێزە سەرکوتکەرەکەی بەعس، بۆیە لە ساڵی(١٩٨٨)دوای تەواو بوونی شەڕی ئێران-عێراق، ڕژێم پەنای بردە بەر ڕوخاندنی شارۆچکەکە و بە تەواوی خاپور و تەختیکرد، ئەمە بە گەورەترین کارەساتی مرۆیی دەژمێردرێت لە سنووری قەزای سیدسادقدا.

دوای سالی(١٩٩١)دانیشتوانەکەی گەڕانەوە شارۆچکەکەیان و ئاوەدانیانکردەوە، لەسەر ئەرکی خۆیان و بەبێ هیچ قەرەبوکردنەوەیەک. لەبەر بەرفراوانی شارۆچکەکە ساڵی(٢٠٠٧)حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرمانی بەقەزابوونی بۆ دەرکرد و ناحییەی سرۆچکی لە قەزای شارباژێڕەوە خستە سەر. ئێستا قەزاکە پێکدێت لە قەزای ناوەند و ناحییەی سرۆچک و دانیشتوانەکەی بەنزیکەی ١٠٠ هەزار کەس دەخەملێندرێت.

لە ئەنجامی شیکردنەوەی ڕێژەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە و بەدەستهێنانی گەشەی دانیشتوان سالآنی(١٩٧٧-٢٠١٢)و دیاریکردنی هۆکارەکانی گەشەی دانیشتوان کە ڕاستەوخۆ کاریگەریان هەیە لەسەر بەرزونزمی گەشەی دانیشتوان. لەم توێژینەوەیەدا ڕێژەی دانیشتوانی قەزاکە بە گشتی تا ساڵی(٢٠٣٠) خەملێندراوە،

**خشتەی ژمارە (٥). ئەم ئامارە دەکرێت شارەوانی قەزای سیدسادق پشتی پێببەستێت بۆ دابینکردنی خواست و ئاستی خزمەتگوزارییەکانی شارەکە. خشتەی ژمارە (٦) ئاماژە بە ڕێژەی دانیشتوان دەکات تا ساڵی(٢٠٣٠)، لێرەدا پشت بە گەشەی ساڵانە 3٪ کراوە وەک ژمارەیەکی جێگیر لە دوای ئاماری ساڵی (٢٠٠٩) دیاریکراوە. ئەمەش بە هۆی جێگیربوونی بارودۆخی سیاسی و ئەمنی هەرێم لەم ساڵانەی دواییدا، واتە دەکرێت ئەم خەمڵاندنە گونجاوبێت تا ساڵی(٢٠٣٠).**

**خشتەی ژمارە (٥) پێشبینی خەمڵێندراوی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی ١٧ ساڵە،کە لە ماوەی ساڵانی(٢٠١٣ - ٢٠٣٠). ئەم خشتەیە پشتی بە گەشەی دانیشتوانی ماوەی ساڵانی(٢٠٠٩-٢٠١٢) دەبەستێت، چونکە گەر بڕوانینە خشتەی ژمارەی (٣)، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە گەشەی دانیشتوانی قەزاکە بەرەو جێگیربوون دەڕوات. جێگیربوونی بارودۆخی ناوچەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی کە پێشتر ئاماژمان پێداوە، کە بریتیبون لە هۆکارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کۆچ و ڕاگواستن و سروشتیی و سیاسی و کارگێڕییەکان... هتد. لە دوای ساڵی(٢٠٠٩)وە کاریگەری هیچ لەو هۆکارانە نەما لە سەر قەزاکە و دەتوانین ناوی بنێین (قۆناغی جێگیر) لە ڕووی گەشەی دانیشتوانەوە. گەشەی دانیشتوان لە دوای ئەو ئامارەوە بە (٣٪) تۆمارکرا، دەکرێت بە حاڵەتی ئاساییتەماشا بکرێت بە پێی پێوەرەکانی جوگرافیای دانیشتوان. بۆ پاڵپشتیکردنی ڕاست و دروستی ئەم پێشبینیکردنە پشت بەسترا بە ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی پلاندانی هەرێمی کوردستان، دەزگای ئامار (٢٠٠٩-٢٠٢٠)، ئاماژە بەوە دەکات کە تێکڕای گەشەی دانیشتوانی هەموو شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان لە (٣٪) زیاتر تۆمار نەکراوە. ئێمەی تۆیژەران گەیشتین بەو باوەڕەی کە تێکڕای گەشەی دانیشتوانی قەزای سیدسادق تاکو نزیکەی ١٠ ساڵی تر لەو ژمارە زیاتر نابێت. بەپێی خشتەی ژمارە (٥)،ڕێژەی دانیشتوانی قەزاکە بۆ ساڵی (٢٠٢٠) دەگاتە (١٠٠٣٥٠) کەس، بۆ ساڵی (٢٠٣٠)دەگاتە (١٣٥٤٥٨) کەس.**

## دەرئەنجام

1.هەڵکەوتەی جوگرافی قەزای سیدسادق بایەخێکی گەورەی بەخشیوەتە ناوچەکە بەشێوەیەک دانیشتوان لە هەموو لادێکانی دەوروبەریەوە ڕوویان تێکردوە و بگرە دانیشتوان بە بەردەوام لە قەزاکانی دەوروبەریشی کۆچیان کردووە بۆ ناوەندی قەزای سیدسادق، بۆیە ڕێژەی دانیشتوان بە بەردەوام لە ناوەندی قەزاکە لە زیادبووندایە.

2.قەزای سیدسادق دووچاری چەندین گۆڕانکاری دیمۆگرافی بۆتەوە لە سەرەتای دروستبوونیەوە وەکو ناحیە ساڵی(١٩٥٦) تا کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو، سەرەتا سەر بە قەزای هەڵەبجە بووە، دواتر خرایە سەر قەزای شارەزوور لە ئاماری ساڵی (٢٠٠٢). ساڵی (٢٠٠٧) بە بڕیاری **حکومەتی** هەرێمی کوردستان کرا بە قەزا و ناحیەی سرۆچک لە قەزای شارباژێڕەوە خرایە سەر قەزای سیدسادق. ئەم گۆڕانکاریە کارگێڕیانە کاریگەری تەواویان بوو لە سەر گەشەی دانیشتوان قەزاکە، هەوڵێکی سەخت بوو لە بە دەستهێنانی ژمارەی ڕاستەقینەی گەشەی دانیشتوان.

3.ماوەی سەرژمێریە وەگیراوەکان لە تێوێژینەوەکە ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کە دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان جیاوازە لەنێوان شارنشین و گوندنشین. بە شێوەیەک ڕێژەی سەدی شارنشینان لە هەڵکشانی بەردەوام بووە لە بەرامبەر ڕێژەی سەدی گوندنیشنان. ڕێژەی سەدی شارنشین ساڵی(١٩٧٧)(٣٤.٨٪) زیادیکردووە بۆ (٧١.٣٪)، بەرامبەر گوندشین (٦٥.٢٪) دابەزی بۆ (٢٨.٧٪) بۆ هەمان ساڵی سەرژمێری.

4.تێکڕای گەشەی دانیشتوانی قەزاکە بەرزترین ئاستی تۆمارکردووە بە ڕێژەی (٧.٢) لە ماوەی ساڵانی(١٩٧٧-١٩٨٧)، تێکڕای گەشە دابەزی بۆ (٣٢..) ماوەی ساڵانی(١٩٨٧-٢٠٠٢). دووبارە تێکڕای گەشەی دانیشتوان زیادیکرد بۆ (٦) لە ماوەی (٢٠٠٢-٢٠٠٩)بەڵام ئەم گەشەیە هاتە نیوە (٣.٠) لە ماوەی ساڵانی(٢٠٠٩-٢٠١٢) .

5.چەندین هۆکاری جۆراوجۆر کاریگەریان کردە سەر هەڵکشان و داکشانی تێکڕای گەشەی دانیشتوان، کە لە ئەنجامدا هەندێکیان کاریگەری پۆزەتیف و هەندێکیان کاریگەری نەگەتیفیان بەجێهێلا لە سەر گەشەی دانیشتوان.کاریگەری لایەنە پۆزەتیفەکان بریتیبوون لە لایەنی سروشتی ناوچەکە (بەرزی و نزمی و ئاووهەوا و خاک و سەرچاوەکانی ئاو)، بوونی سەرچاوەی سروشتی لە ناوچەکە بۆە هۆی ڕاکشانی دانیشتوانی بەردەوام لە ناوچە سەختەکانی دەوروبەی بۆ سنووری ناوچەکە.کاریگەری نەگەتیفەکان بریتیبوون لە لایەنە (ئابووری و کۆمەڵایەتی، کۆچ و ڕاگواستن، کارگێڕی و سیاسی و جەنگ). لێرەدا لە ژێر فشاری سیاسی و شەڕی هێزە کوردییەکان و دەسەڵات دارانی عێراق دانیشتوانەکەی ئاوارەبوون، هەروەها ئابووری و کۆمەڵایەتی

ئاسەواری نەگەتیڤی بەجێهێڵا لە سەر بچووکبوونەوەی قەبارەی دانیشتوانەکەی.

6.پشتبەستن بە ئامارەکانی تێکڕای گەشەی دانیشتوانی ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠١٢)، گەشەی دانیشتوانی ئەم ماوەیە بە هەند وەرگیرا، وەک ئامارێکی بنەڕەتی بۆ خەملاندنی ساڵانی داهاتوو. چونکە لەم ماوەیە کەمترین گۆڕانکاری کارگێڕی ئەنجامدراوە لە سنووری قەزاکەو لەگەڵ جێگیربوونی بارودۆخی ئەمنی و سیاسی. بۆیە ڕێژەی (٣٪)ی گەشەیدانیشتوان کرا بە بنەمای پێشبینیکردنی ڕێژەی دانیشتوانی قەزاکە لە ماوەی (٢٠١٣-٢٠٣٠). ئەکرێت لایەنە پێوەندیدارەکانی ناوچەکە سوودی لێببینن وەک ژمارەی دانیشتوان لە پێناو گەیاندنی خزمەتی زیاتری ناوچەکە بۆ هەر بوارێکی خزمەتگوزاری. بە پێی خشتەی پێشبینیکراو، ژمارەی دانشتوانی قەزاکە دەگاتە ١٠٠٣٥٠ کەس بۆ ساڵی ٢٠٢٠ و هەروەها ئەم ژمارەیە بەرزدەبێتەوە بۆ ١٣٥٤٥٠ کەس بۆ ساڵی ٢٠٣٠ .

## ڕاسپاردە وپێشنیارەکان

1.گرنگی بە لادییەکان بدرێت لە پەرەپێدان وگەشەکردن و دۆزینەوەی جۆریک لە هاوسەنگی نێوان قەبارەی گوندنشین وشارنشین، لە ڕێگای ڕەخساندنی دەرفەتی کار و دروستکردنی پرۆژە ئابووری و خزمەتگوزاری و هاندانی کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی و ساغکردنەوە و بەبازاڕکردنی بەروبوومی جووتیاران. ئەم پرۆژانە دەکرێت ڕێگر بێت لە کۆچی گوندنشینان بۆ شار.

2.پێویستە لە سەر لایەنە پێوەندیدارەکان لە بەرپرسە ئیداری و بەرپرسی شارەوانی و پلاندارێژەرانی ناوچەکە، پشت بە ئامارەکانی گەشەی دانیشتوان ببەستن کە توێژەران پێی گەیشتوون، بە دانانی بەرنامە و پلانی گەشەپێدانی قەزاکە بۆ پڕکردنەوەی خواست و پێداویستی دانیشتوانی قەزاکە. لە سەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان و ئاستی ژینگەیی (شار و گوند) هەروەها لە پێناو دۆزینەوەو فەراهەمکردنی هەموو پێداویستییەکانی دانیشتوان بۆ ساڵانی ئایندە لە ژێر ڕۆژنایی پێشبێنیکردنی قەبارەی دانیشتوانی داهاتوو کە توێژەران خستوونیە بەردەست. هەروەها لەبەرچاوکردنی ئەم پیشبینیانە دەتوانرێت ئەگەری فراوانبوونی پرۆژە و ژێرخان فراوانتر و تۆکمەتر بکرێت، بۆ دورکەوتنەوە لە هەر کەموکورتییەکی نەخوازراو لەسەرموڵکی گشتی.

3.فراوانکردنی و دروستکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان وەکو (نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی و قوتابخانە و کارەبا و ڕێگاوبان و ئاو ئاوەڕۆ و پارک و باخچە گشتییەکان). چونکە ئاشکرایە ناوچەکە هیچ ژێرخانێکی بە پێوە نەماوەو و تەخت کراوە. بۆیە ئەم پێداویستیانە زۆر گرنگن بۆ شارنشینان و گوندنیشینان وەکو یەک.

4.هەوڵدان لە ڕێگای ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان یان لە ڕێگای حکومەت سندوقی پەرەپێدانی ناوچە زیانلێکەوتووەکان دروستبکرێت بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی ناوچەکە کە بەبێتاوان ماڵ و خانوەکانیان وێران و تەخت بوون .

5.دروستکردنی لینکی پێوەندی نێوان دامەزراوە ئەکادیمییەکان و دامەزراوەی شارەوانی قەزاکە بۆ دروستکردنی ناوەندێکی ئامار و گۆڕینەوەی زانیاری دەربارەی دانیشتوان لە سەر ئاستی قەزا و پارێزگاکان. ئەم ناوەندە لە هەوڵی نوێکردنەوەی ئامارەکانی دانیشتوان بکۆڵێتەوە بە بەردەوام کە گرنگیەکی گەورەی هەیە بۆ لێکۆڵینەوە زانستیەکان و ئامادەکردنی پلانی گەشەپێدان وهەر ئاماژەیەکی گۆڕینی دیمۆگرافی شار.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان :


1.دەرباز، تالب. ٢٠٠٩، هەوارگەی شارەزوور، وەزارەتی رۆشنبیری، چاپخانەی پیرەمێرد، بەرگی دووەم، ل. ٢٩٩ .

2.عەلی، جاسم محەمەد. ٢٠٠٧، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لە دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان).زانکۆی سلێمانی، سلێمانی : نامەی ماستەربلاونەکراوە، ل.١٥٠.

3.غەفور، د. عبداللە. ٢٠٠٣، دابەشی کارگێڕی تریتۆری کوردستان (١٩٢٧-١٩٩٧).رووپێوو ژمارەی دانیشتوان سلێمانی : بلاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بلاکردنەوە.

4.لەبیب، د. علی. ٢٠١٠، جوگرافیای دانیشتووان جێگیر و ناجێگیر. هەڵەبجەی شەهید : کتێبخانەی هەژارموکریانی.

5.بڵآوکراوەکانی وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق، ٢٠١٠، نەخشەی کارگێڕی عێراق بە پێوانەی ١: ١٠٠٠٠٠٠ ساڵی.

6.وەزارەتی پلاندانانی هەرێم، بەریوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ساڵانی ١٩٧٧-٢٠١٢ .

7.د. حسام طعمە، ٢٠١٤، نەخشەی کارگێری پارێزگای سلێمانی. مامۆستای زانکۆ، بەشی جۆگرافیا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی بەغداد.

8 .وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، دەستەی ئاماری سلێمانی، نەخشەی پارێزگای سلێمانی، ساڵی ٢٠١٥ .

**سەرچاوەعەرەبییەکان :**

**1.عياته، فتحي1989.جغرافية السكان. الاسكندرية : دار المعرفه الجامعية.. ص. 279.**

**2.الحسن، احسن محمد.١٩٨١، التصنيع وتغيير المجتمع. بيروت : دار الطليعة للطباعة،ص. 73 .**

**3.الخفاف، عبد علي. ١٩٨٦، الظاهرةالسكانية والتطور الجغرافي.بغداد : دارالحريةللطباعةوالنشر، ،مجلدالموسوعة الصغيرة، ص. 58. 191.**

**4.خورشيد، فواد حمه. 1973، (قضاء بشدر)دراسة في الجغرافيا البشرية. كلية الاداب جامعة بغداد : رسالة ماجستير(غيرمنشورة) .**

**5.السعدي. عباس فاضل.٢٠٠٢، جغرافيه السكان. بغداد . مديرية دار الكتب للطباعة والنشر ، المجلد الجزء الاول، صفحة ، ٢٠١، ٢٣٩.**

**6.السورداشي، علي محمود.1988، اصل ونشأة جبال كوردستان.الخاص بالمؤتمر العلمي الثالث لجامعة صلاح الدين، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل.**

**7.شلش. علي حسين.١٩٦٥، دراسه تحليلية لاحصاءات السكان في الاردن. ، المجلد مجلد الجمعية الجغرافية العراقية، صفحة 77.**

**8.صلاح محسن جاسم،2000، التحليل المكاني لمستويات الخصوبة السكانية واتجاهاتها. قسم الجغرافية / كلية الاداب، جامعة بغداد : رسالة ماجستيرغيرمنشورة .**

**9.عبدالباقي، فاتن خالد.٢٠١٧حركة نطاقات الامطارالمتساوية في مناطق اقليم كوردستان العراق.كلية العلوم الانسانية، جامعة دهوك : المجلة الاكاديمية لجامعة نوروز ، .المجلد 6.**

**10.فايز محمد العيسوي.٢٠٠٥، اسس جغرافية السكان. الإسكندرية : دار المعرفة الجامعية.. صفحة ١٢١.**

**11.محمد، خليل اسماعيل. 2002 قضاء خانقين (دراسة في جغرافية السكان).رسالة ماجستير غير منشورة، ،ص. 114.**

**12.مكي محمد عزيز و رياض ابراهيم السعدي.١٩٨٤، جغرافيه السكان. بغداد : مطبعة جامعة بغداد.. صفحة 1، ٢٤٢ .**

**13.عبدالله، ممدوح.2002، اتجاهات سكان الحضر في الاردن 1961-1994. كلية الاداب، جامعة بغداد : غير منشورة، المجلد اطروحة دكتورا، صفحة 25.**

**14.الهيتي. صبري فارس جغرافية السكان.. عمان : دار صفاء للنشر والتوزيع، ٢٠٠٢، المجلد طبعة الاولى، الصفحات 28-32.**

**15*.وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام 1957، لوائي السليمانية وكركوك.**

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان: :**

**1.Trewathg, G. T. [ed.] J., Rose, H., George, A. Demko.1970 .Case For Population Geography in Population Geography Areader. New York : A New York Schell McgrowHil , p. 14.**

**چاوپێکەوتن :**

**١.بەرزنجی، مامۆستا عسمان.چاوپێکەوتن لە گەڵ ناسروای ناحییەکە، لە بەرواری ٢٠١٩/٩/١٥، ئێستا دانشتووی شاری سلێمانیە .**


**٢.مامۆستا سەلاح ، چاوپێکەوتن لە گەڵ مامۆستا و چاودێر لە قەزای سیدسادق. لە بەرواری ٢٠١٩/٩/٢٩ .**

نەخشە (١)شوێنی جوگرافی قەزای سیدسادق بە گوێرەی عێراق و پارێزگای سلێمانی





سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەشتن بە نەخشەی کارگێری عێراق٢٠١٤

**نەخشە (٢)شوێنی جوگرافی قەزای سیدسادق بە گوێرەی پارێزگای سلێمانی**




سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەستن بە وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق، نەخشەی کارگێڕی عێراق بۆساڵی ٢٠١٠.


**نەخشەی (٣)سنووری قەزای سید سادق**




**سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشتبەستن بە وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، دەستەی ئاماری سلێمانی، نەخشەی پارێزگای سلێمانی، بۆ ساڵی ٢٠١٥**

**نەخشەی (٤)نەخشەی (٥)**


**بەرزی و نزمی قەزای سیدسادقجۆرەکانیخاک لە قەزای سیدسادق**




سەرچاوە: کاری توێژەران به پشتبەستن به وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، دەستەی ئاماری سلێمانی، نەخشەی پارێزگای سلێمانی، بۆ ساڵی ٢٠١٥

**نەخشەی (٦)**

**سەرچاوە ئاوییەکانی سنووری قەزای سیدسادق**




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشتبەستن بە وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، دەستەی ئاماری سلێمانی، نەخشەی پارێزگای سلێمانی، بۆ ساڵی ٢٠١٥

**خشتەی (١) دابەشبوونی دانیشتوانی سیدسادق لە ماوەی (١٩٧٧-٢٠١٢)**

| ساڵ | یەکەی کارگێڕی | ژمارەی دانیشتوان | کۆ | کەس/کم٢ |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٧٧ | ن. سیدسادق (ق. هەڵەبجە) | ٢٢٧٠١ | ٢٢٧٠١ | ٧٢ |
| ١٩٨٧ | ن. سیدسادق (ق. هەڵەبجە) | ٤٥٧٢٠* | ٤٥٧٢٠ | ١٤٦ |
| ٢٠٠٢ | ن. سیدسادق (ق. شارەزوور) | ٤٨٠٢٨ | ٤٨٠٢٨ | ١٥٣ |
| ٢٠٠٩ | ق. سیدسادق (س. قەزا) | ٦٨٧٦٦ | ٧٢٢٤٠ | ١١٦ |
| | ن. سرۆچک | ٣٤٧٤ | | |
| ٢٠١٢ | ق. سیدسادق (س. قەزا) | ٧٥١٤٢ | ٧٨٩٣٨ | ١٢٦ |
| | ن. سرۆچک | ٣٧٩٦ | | |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشتبەستن بە : وەزارەتی پلاندانانی هەرێم، بەڕیوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ساڵی(١٩٧٧-٢٠١٢).

*د. عبداللە غەفوور، دابەشی کارگێری تریتۆری (١٩٢٧-١٩٩٧)، پێڕستی گوندەکانی باشوور، ڕووپێوی ژمارەی دانیشتوان


**خشتەی (٢) دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی سیدسادق بە پێی شار و گوند**

| ساڵ | یەکەی کارگێری | شارنشین | ڕیژەی سەدی | گوندنشین | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٧٧ | ن. سیدسادق (ق. هەڵەبجە) | ٧٨٩٥ | ٪٣٤.٨ | ١٤٨٠٦ | ٪٦٥.٢ |
| ١٩٨٧* | ن. سیدسادق(ق. هەڵەبجە) | ٢٦١٩٣ | ٪٥٧.٣ | ١٩٥٢٧ | ٪٤٢.٧ |
| ٢٠٠٢ | ن. سیدسادق (ق.شارەزوور) | ٣٠٢٨٢ | ٪٦٣.١ | ١٧٧٤٦ | ٪٣٥.٩ |
| ٢٠٠٩ | ق. سیدسادق (س. قەزا) | ٥١٠١٥ | ٪٧٤.٢ | ١٧٧٥١ | ٪٢٥.٨ |
| | ن. سرۆچک | ٥٠٧ | ٪١٤.٦ | ٢٩٦٧ | ٪٨٥.٤ |
| | کۆی گشتی | ٥١٥٢٢ | ٪٧١.٣ | ٢٠٧١٨ | ٪٢٨.٧ |
| ٢٠١٢ | ق. سیدسادق (س. قەزا) | ٥٥٧٤٥ | ٪٧٤.٢ | ١٩٣٩٧ | ٪٢٥.٨ |
| | ن. سرۆچک | ٥٥٤ | ٪١٤.٦ | ٣٢٤٢ | ٪٨٥.٤ |
| | کۆی گشتی | ٥٦٢٩٩ | ٪٧١.٣ | ٢٢٦٣٩ | ٪٢٨.٧ |

سەرچاوە/ کاری توێژەرانپشتبەستن بە: وەزارەتی پلاندانانی هەرێم، بەڕیوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ساڵی ١٩٧٧-٢٠١٢

*وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام 1957، لوائي السليمانية وكركوك.

**شێوەی (١)گۆڕانی ڕێژەیی دانیشتوانی قەزای سیدسادق بە پێی ژینگە لە ماوەی(١٩٧٧-٢٠١٢)**




سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەستن بە خشتەی ژمارە (٢)


**خشتەی (٣) گەشەی دانیشتوانی قەزای سیدسادق وناحیەی سرۆچک**

| ساڵ | یەکەی کارگێری | ژمارەی دانیشتوان | تێکرای ※ گەشە٪ |
|---|---|---|---|
| ١٩٨٧-١٩٧٧ | قەزای سیدسادق | ٤٥٧٢٠-٢٢٧٠١ | ٢.٧ |
| ٢٠٠٢-١٩٨٧ | قەزای سیدسادق | ※٤٨٠٢٨-٤٥٧٢٠ | ٣٢.٠ |
| ٢٠٠٩-٢٠٠٢ | قەزای سیدسادق | ٧٢٢٤٠-٤٨٠٢٨ | ٠.٦ |
| ٢٠١٢-٢٠٠٩ | قەزای سیدسادق | ٧٨٩٣٨-٧٢٢٤٠ | ٠.٣ |
| | ناحیەی سرۆچک | ٣٧٩٦-٣٤٧٤ | ٣.٠ |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشتبەستن بە : وەزارەتی پلاندانانی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ساڵی ١٩٧٧-٢٠١٢.


※د. عبدالله غەفوور، دابەشی کارگێری تریتۆری (١٩٢٧-١٩٩٧)، پێرستی گوندەکانی باشوور، ڕووپێووی ژمارەی دانیشتوان.

شێوەی (٢) گەشەی دانیشتوانی قەزای سیدسادق





سەرچاوە: کاری توێژەران پستبەستن بە خشتەی ژمارە (٣).

شێوەی (٣)گەشەی دانیشتوانی قەزای سیدسادق بەراورد بە پارێزگای سلێمانی لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٧ - ٢٠١٦)




سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەشتن بە ئاماری ناوەندی سلێمانی بۆ ساڵانی ١٩٧٧-٢٠١٦
*وەرگرتنی ئاماری دانیشتوانی قەزای سیدسادق بۆ ساڵی ٢٠١٦ پشتبەسترا بە پێشبینیکردنی ڕێژەی دانیشتوانی قەزاکە لەم توێژنەوەیە

**شێوەی (٤) قەبارەی خێزان لە قەزای سیدسادق ماوەی ساڵانی ١٩٧٧-٢٠١٢**




سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەستن بە ئاماری ناوەندی سلێمانی بۆ ساڵانی ١٩٧٧-٢٠١٢

**خشتەی (٤) گۆڕینی پێکهاتەی کارگێڕی قەزای سیدسادق لەماوەی(١٩٧٧-٢٠١٦)**

| ساڵ / ناحییە | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ٢٠٠٢ | ٢٠١٢ |
|---|---|---|---|---|
| ن. سیدسادق | ق. هەڵەبجە | ق. هەڵەبجە | شارەزوور | ق. سیدسادق |
| ن. سرۆچک | ق. شارباژێر | ق. شارباژێر | ق. شارباژێر | ق. سیدسادق |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشتبەستن بە : وەزارەتی پلاندانانی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ساڵی(١٩٧٧-٢٠١٢).

خشتەی ژمارە (٥) ژمارەی دانشتوانی پێشبینکراو قەزای|سید سادق تا ساڵی ٢٠٣٠

| یەکە ئیداری | ژینگەی دانشتوان | ٢٠١٣ | ٢٠١٤ | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ | ٢٠٢٢ | ٢٠٢٣ | ٢٠٢٤ | ٢٠٢٥ | ٢٠٢٦ | ٢٠٢٧ | ٢٠٢٨ | ٢٠٢٩ | ٢٠٣٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سید سادق (ناوەند) | شارنشین | ٥٧٤٤٣ | ٥٩١٩٢ | ٦٠٩٩٥ | ٦٢٨٥٢ | ٦٤٧٦٦ | ٦٦٧٣٩ | ٦٨٧٧١ | ٧٠٨٦٦ | ٧٣٠٢٤ | ٧٥٢٤٨ | ٧٧٥٤٠ | ٧٩٩٠١ | ٨٢٣٣٤ | ٨٤٨٤٢ | ٨٧٤٢٦ | ٩٠٠٨٨ | ٩٢٨٣٢ | ٩٥٦٥٩ |
| | گوندنشین | ١٩٩٨٨ | ٢٠٥٩٦ | ٢١٢٢٤ | ٢١٨٧٠ | ٢٢٥٣٦ | ٢٣٢٢٢ | ٢٣٩٣٠ | ٢٤٦٥٨ | ٢٥٤٠٩ | ٢٦١٨٣ | ٢٦٩٨١ | ٢٧٨٠٢ | ٢٨٦٤٩ | ٢٩٥٢١ | ٣٠٤٢١ | ٣١٣٤٧ | ٣٢٣٠٢ | ٣٣٢٨٥ |
| | کۆی گشتی | ٧٧٤٣٠ | ٧٩٧٨٩ | ٨٢٢١٨ | ٨٤٧٢٢ | ٨٧٣٠٢ | ٨٩٩٦١ | ٩٢٧٠١ | ٩٥٥٢٤ | ٩٨٤٣٣ | ١٠١٤٣١ | ١٠٤٥٢٠ | ١٠٧٧٠٣ | ١١٠٩٨٣ | ١١٤٣٦٣ | ١١٧٨٤٦ | ١٢١٤٣٥ | ١٢٥١٣٣ | ١٢٨٩٤٤ |
| ناحییەی سرۆچک | شارنشین | ٥٧١ | ٥٨٨ | ٦٠٦ | ٦٢٥ | ٦٤٤ | ٦٦٣ | ٦٨٣ | ٧٠٤ | ٧٢٦ | ٧٤٨ | ٧٧١ | ٧٩٤ | ٨١٨ | ٨٤٣ | ٨٦٩ | ٨٩٥ | ٩٢٣ | ٩٥١ |
| | گوندنشین | ٣٣٤١ | ٣٤٤٢ | ٣٥٤٧ | ٣٦٥٥ | ٣٧٦٧ | ٣٨٨١ | ٤٠٠٠ | ٤١٢١ | ٤٢٤٧ | ٤٣٧٦ | ٤٥١٠ | ٤٦٤٧ | ٤٧٨٨ | ٤٩٣٤ | ٥٠٨٤ | ٥٢٣٩ | ٥٣٩٩ | ٥٥٦٣ |
| | کۆی گشتی | ٣٩١٢ | ٤٠٣١ | ٤١٥٣ | ٤٢٨٠ | ٤٤١٠ | ٤٥٤٥ | ٤٦٨٣ | ٤٨٢٦ | ٤٩٧٣ | ٥١٢٤ | ٥٢٨٠ | ٥٤٤١ | ٥٦٠٧ | ٥٧٧٧ | ٥٩٥٣ | ٦١٣٥ | ٦٣٢١ | ٦٥١٤ |
| | کۆی گشتی | ٨١٣٤٢ | ٨٣٨٢٠ | ٨٦٣٧١ | ٨٩٠٠٢ | ٩١٧١٣ | ٩٤٥٠٦ | ٩٧٣٨٤ | ١٠٠٣٥٠ | ١٠٣٤٠٦ | ١٠٦٥٥٥ | ١٠٩٨٠٠ | ١١٣١٤٤ | ١١٦٥٩٠ | ١٢٠١٤٠ | ١٢٣٧٩٩ | ١٢٧٥٧٠ | ١٣١٤٥٤ | ١٣٥٤٥٨ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە: وەزارەتی پلاندانانی هەرێم بەڕیوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ساڵی ١٩٧٧-٢٠١٢

**پاشکۆی (١) ژمارەی لەدایکبووان و مردووان لە ماوەی (٢٠١٠-٢٠١٥)**

| ساڵ | لەدایکبوون | مردن | ژمارەی دانشتوان | ڕێژەی گشتی لە دایکبووان *١٠٠٠/ | ڕێژەی گشتی لە مردوو *١٠٠٠/ |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٠ | ١٢٣٠ | ٣٦٧ | ٧٤٤٠٧ | ٣٣ | ١٠ |
| ٢٠١١ | ١٠٥٥ | ٢٣٨ | ٧٦٦٤٠ | ٢٧ | ٦ |
| ٢٠١٢ | ٧١١ | ٥٩٣ | ٧٨٩٣٨ | ١٨ | ١٥ |
| ٢٠١٣ | ٦١٩ | ٣٨٣ | ٨١٣٤٣ | ١٥ | ٩ |
| ٢٠١٤ | ٨٧٧ | ٢٩١ | ٨٣٨٢٠ | ٢٠ | ٧ |
| ٢٠١٥ | ٨٩٠ | ٢٠٩ | ٨٦٨٧١ | ١٨ | ٥ |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەستن نە ئاماری بنکەی تەندروستی سیدسادق.

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەستن بە : وەزارەتی پلاندانانی هەرێم، بەریوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ساڵی ١٩٧٧-٢٠١٢.

*ڕێژەی گشتی لە دایکبون= (ژ. لەدایکبووان لە ساڵێکی دیاریکراو/ ژ. دانیشتوان لە ناوەراستی ساڵ)*١٠٠٠

*ڕێژەی گشتی مردووان= (ژ. مردوو لە ساڵێکی دیاریکراو/ ژ. دانیشتوان لە ناوەراستی ساڵ)*١٠٠٠